Kurdish Human Rights Association
Komeley Mafî Mirovî Kurd

Kurdish Human Rights Association Tel: +46707458478
kmfsverige@gmail.com

# هێرشی نیزامی ئیران شەرمەزار دەکەین

لەم دواییانە دا هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران بۆ سەر ناوچەکانی سنوری باشوری کوردوستان و بەشی پشدەر دەستی پی کردوە و لە بڵاوکراوەیەکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئیراندا داوای لە خەلکی سنوری پشدەر کردوە کە ماڵ و کاریان بە جی بهێڵن و ئاوارەی شوینەکانی تر ببن بەو هۆیەی کە کۆماری ئیسلامی ئیران بە نیازە ئەم ناوچانە تۆپباران بکات و هێرشی خۆی بۆ سەر گریلاکانی پژاك توندتر بکاتەوە.
ئێمە وەك کۆمەڵەی مافی مرۆڤ ئەم هێرشانە بە توندی مەحکوم دەکەین و پێمان وایە لە هەر هەڵس و کەوتێکی سەربازی و توندو تیژی دا خەلکی سیڤیل سەدەمە دەبینیت و ئاکامێکی باشی بۆ هیچ لایەنیك دا تیدانیە و بە هێرش کردنە سەر ناوچەیەك و کوشتاری خەلك و بە ئاوارەکردنیان ویستەکانی گەلیك کۆتایی پی نایەت و بە پێچەوانە خەلکی زوڵم لیکراو و مافخوراو شێلگیرتر دەبن لە سەر خواستەکانیان و تەنیا خەلکی بێ دەرەتان لەم هەڵس و کەوتەی کۆماری ئێسلامی ئێران سەدەمە دەبینێت.
هاوکات ئێمە پیمان وایە ئەم هێرشانە بیانویەکن بو شێواندنی ئارامی ناوچەکانی باشوری کوردوستان، داوا لە هەمو هێز و تاکی کورد دەکەین لەم بارەوە بیدەنگ دانەنیشن و دەنگی نارەزایی خۆیان بە گوی هەمو لایەك و نێهادە دێمۆکراتیکەکان بگەیەنن و هاوکات دەسەلاتی باشور هوشیار دەکەینەوە لە بەمبەر ئەم هێرشانە بیدەنگ دانەنیشێن و بەشێك لە هێز و توانای خۆیان بەکار بهێنن بۆ پرۆتیستۆ کردنی ئەم هێرشانە کە هێرش کردنە سەر کەرامەتی نەتەوەیی.

21-08-2007

کۆمەلەی مافی مرۆڤی کورد-ئوروپا